

# ئامۆژگارییەک بۆ نەوەکانم

## لە شیعری دانیمارکییەوە

**بینی ئەندرسن**
**لە عەرەبییەوە: ئاوات حەسەن ئەمین**

*لەبەر چاوتان بێت ئامانجێکی گەورە*
*لە پاش خۆتان پاشماوەیەکی گەورە*
*جێبهێڵن،*
*کە ئاماژەبێ بۆ ئەوەی، ئێوە لێرە بوون*
*جارێکیان زۆر شارەزایانە نیشانەمان*

ئەگرتەوە
منداڵەکان بوتڵی شووشە بەتاڵەکانیان ئەپێکا!
بەڵام: ئەمڕۆ کوانێ پارچەکانی؟
منیش نیشانەم لە مانگ ئەگرتەوە.
هەتا ئێستاش شوێنەوارم بە ئاشکرا
بەدی ئەکرێت.
سروودێک بۆ مردن
کاتێ تەنیا بیر لە خۆم ئەکەمەوە
بە راستی بیر ئەکەمەوە
تۆ ساتەوەختێ هەڵەت کرد
پاشماوەیەکیشم بۆ جێهێشتی
هەندێک شت هەیە کە لێی پەشیمان ئەبیتەوە
هەندێک شتیش هەیە پێوەی ئەنازیت.
بەکورتی:
لەوانەیە ئەوەی کە پێی گەیشتووی
زۆر خراپ بێت.
وەلێ کاروبارەکان بەشێوەیەکی باش
گوزەرا.
زۆر شتت وەرگرت
تۆ سەرکەوتیت
ئەمە ئەو ڕۆژە گونجاوەیە بۆ مردن
ئەگەر ئەبێ هەر رووبدات
با ڕۆژی دووشەممە بێت..
ئەوا ئەوە ڕۆژێکی گونجاوە.
وەلێ کاتێ بیر لە خۆشەویستەکەم ئەکەمەوە
بیر ئەکەمەوە
نەخێر ئەمە مەحاڵ نییە
ئەو چاوەو ئەم خەندەیەو ئەو دەنگە
داخراو و کوژاوەیە.

ئەمە مەحاڵە.. ئەی هاوڕێی تەمەنم
ئەو پێستە نەرمە، ئەم دڵە گەرمە
ئەو سۆزە لێوان لێوە، ئەو بۆچوونە
شێتانەیە.
بێ ئەوەی لەبیرمان بچێتەوە
ئەو پێکەنینەی کە هیچ شتێکی ناگاتێ
هەموو گوێیەکیشت، ناوازەیە
پەنجەکانی هەردوو قاچت لەبیرمەکە
ئەو قاچوقولە ناسکەشت، کە
بەرگەی ناگیرێ.
(هەلوا)، نەخێر..
ئاوا گەمە ناکەین.
کاتێ ئازار ئەچێژیت، ئازار ئەچێژم
کاتێ تۆ شادی، منیش بەبوونم شادم
کارەکان ئەئاوان.
پێشبینی هاتنی
رۆماتیزمو نەخۆشییەکانی تر مەکە
تا بتوانین گرنگیی پێبدەین!
دەستی لێ مەدە، پەنجەکانت دووربگرە لێی
تێگەیشتیت؟ ئەی مردن
گەر بتەوێ شتێکی وابکەیت
ئەوا بەسەر لاشەی منا ئەبێ!
(دوو سییەکەم)
سییەکانم  خۆش ئەوێ
بەدوامەوەن بۆ کوێ ئەچم
لەو کاتەشدا، کە وەنەوز ئەدەم
وا هەست ئەکەم، قسەم لەگەڵ دەکەن
بنوو..
پێڵوەکانت لێک نێ

دەق

لەجیاتی تۆ..
ئێمە ئێشک ئەگرین.
راستە ئەتوانین پشت بەم دوو سییە
ببەستین
من هەرگیز نەمبینیوون.. لەیەک
بۆ نەدانەبێ،
کاتێ کە تیشکم بۆ گرتن
وەلێ ئەوان هەڵوێستەیان لەسەرم نەکرد.
لەوانەیە، ئەوان سیی هەریەکێ بن
هی پۆستەبەرێ
یان لە نمایشکارە رووتەکەی (ستریتیز)،
یان هی بازرگانێکی ئوتومبیلی کۆن
کە خوازیاری
تامکردنی ئەو دوو سییەیە لەناوەوە
ئەوەی گومانی تیا نییە:
من:
هەناسەیان پێ ئەدەم
کە بەچاوم ئەیان بینم
هەناسەیەک پێ هەڵئەکێشم
کاتێ ئەلیازەی هۆمیرۆس ئەخوێنینەوە.
یان کاتێ سەیری پاشی ژنێکی جوان دەکەین
یان کاتێ تەماشای پسوڵەی باج دەکەم
ئێمە لە خۆشیو ناخۆشیدا هاوراین
وەک چۆن تەمەن هاورای مرۆڤە
هاوکاریی وشەیە کە گوزارشتی لێ ناکرێت
ئێمە هەست بە قوڵی پەیوەندییەکەمان ئەکەین
هیواخوازی ساڵانی زیاتری خۆشین بەیەکەوە.
(بۆ پەناهەندەیەک)
لەخەو هەڵئەستم



**بینی ئەندرسن:**
ساڵی ١٩٢٩
لەدایک بووە،
ئەندامی ئەکادیمیای
دانیمارکییە،
لە گەورەترین
شاعیرانی زیندووی
دانیمارکییە،
بەرهەمەکانی
(کامێرا لە
دەروازەی موبەقدا)
و کۆبەرهەمەکەی.
نووسراوی لەبواری
رۆمانو فەلسفەدا
هەیە. بەرهەمەکانی
بەگاڵتەجاری
ئەناسرێتەوەو
گرنگیی زۆر دەدات
بەگیانی لێبووردەییو
پێکەوەژیانو
قبووڵکردنی ئەوی
دی. لەبواری
موزیکیشدا
بەنوێکەرەوەی
کەلەپووری موزیکی
دانیمارکی دادەنرێت.



لەسەر پێخەفە تایبەتییەکەم
لە نیشتمانی دایکما
ئەمە تەواوکارێکی ئاساییە.
خۆم ئەشۆرم
جلە تایبەتییەکانم ئەپۆشم
نانی بەیانی بۆ ژنەکەمو خۆم
ئامادە ئەکەم.
ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە
ئەچم بۆ شار
بۆ شت کڕین
لە پارە تایبەتییەکانم
ئەو پارانەی، وەرم گرتووە
لەبارتەقای ماندووبوونم لە کارەکانم
ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە.
جارناجارێک سەفەر ئەکەم
ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە
جارناجارێک، سەفەر ئەکەم
بۆ وڵاتانی جیاجیا
دواتریش.. بۆ نیشتمانەکەم ئەگەڕێمەوە.
لەخاڵی بازگەی گوزەرنامەوە
بەبێ گرفت
دووبارە بۆ ماڵەکەم ئەگەڕێمەوە.
ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە
ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە

**سەرچاوە:**

ئەنتۆلۆژیای شیعری دانیمارکی- بەشی یەکەم

ئامادەکردنی: مونعم فەقیر- وەگێرانی مەی شەحاتەو مونعم فەقیر، چاپی یەکەم قاهیرە ٢٠٠٨.